گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0. ،e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a1861

# جیهانگەرایی رۆشنبیری و بەزاندنی سنوورەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (دەڤەری بادینان 2010-2020) بەنموونەی چەند شاعیرێك

## هاتیە وەرگرتن ژ ناما دکتورایێ

هاڤین سعید خدر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکوی زاخو، هەرێمی کوردستانی-عیراق
د.محمد بكر محمد، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکوی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستانی-عیراق

**پۆختە**
لەم تـوێژینەوەیەدا رەنگدانەوەی جیهـانگەرایی روشـنبیری و بەزانـدنی سـنورەکان لەناو شـیعرەکانی(چەند شـاعیرێك )لە ناوچەی بادینـان،لە نێـوان سـاڵەکانی (2010-2020)هاتووتە باسکرن.جیهانگەرایی پرۆسەیەکە کە مرۆڤایەتی بە یەك شـێوازی دەربرین و خوێنـدن و جلـو بەرگ و دابونەریت بگەیەنێت.جیهانگەرایی روشـنبیری کردەوەیەکی روشنبیرییە کە کار لە خودی تاك و مللەتان دەکات،وکوتارێکە ئارستەی میللەتانی جیهان دەکرێت،ناوەروکەکەی بانگەشە بۆ بوار فراوانکردنی روشـنبیری ناکات،وهەروەها بریتی یە لە تەواوبوونی هاوسەنگی روشنبیری لە نێوان مللەتاندا ئەمە روشـنبیریەکانی مللەتان دەپارێزێت و دانیان پێدادەنێت.
زۆربەی جاران بەزاندنی سنورەکان دەبێتە هۆکار بۆ دیاردەی جیهانگەرایی ،کە کەلتووری تەکنەلۆژیا و ئەلیکترونی ئـامرازێکی تـری ئەمەن،کە پرۆگرام و هـزرو دیـدو بۆچـوونی ئەدەبی و رێـاز ،مێتـودە رەخنەیـیەکان بخاتە ژێـر رکێفی خویەوە.بەزانـدنی سـنۆرەکان بنەمـاکانی کلتـووری تاکەکەسی و گشـتین لە شـیعرەکانی (چەنـد شـاعیرێکدا)کە لە چەنـد بابەتـێکەوە خـوی دەبینێـت،وەك:(گورانکاری لە ئاسـتی هـزردا،دۆزینەوەی خۆد،گەیشـتن بە رۆشـنبیری ئەویتر،خۆناسـاندن بە وەرگـری جیهانی،دووانەیی رۆشنبیری،دووبارەبوونەوەیی بۆشـایی،فرەفۆرمی لە نوسـیندا)وچەند بابەتێکی تر.هەروەهـا باس لەو تەکنیکە هـونەریانە دەکەیـن کە ئەوان بەکاریـان هێناوە و چوون بەزاندنی سنورەکان لە ناو شیعرەکانیاندا بەکاریانهێناوە.
**کلیلە وشەکان:** جیهانگەرایی،جیهانگەرایی روشنبیری، بەزاندنی سنوورەکان ،وەرگری جیهانی،نموونەی شعری.

**پێشەکی**
شایەنی سەرنجە لێکۆلینەوە و نووسین لە سەر جیهانگەرایی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەمە چۆتە ناو زوربەی جومگەکانی ژیانەوە بە تایبەت ئەگەر لێکۆلینەوەکە دەربارەی جیهانی شیعر بێت و بابەتەکە زیاتر بارگران و قورسدەبێت، کاتێك بچێتە ناو جیهانی شـاعیرانەوە و پشکنین لە هەموو سـوچ و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە بکەین، سەرەرای ئەمە ئەگەر لێکۆلینەوە پەیوەست بکەین بە شیعری قوناغەکانەوە و لە زۆربەی لایەنەکانی شیعر و قوناغەکانی بکەین.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوە دەدەین کە توێژینەوەکەمان لە سـەر یەکێك لە بنەماکانی جیهانگەرایی رۆشـنبیری بکەیـن، بەزانـدنی سـنورەکان لە شـیعری هـاوچەرخی کوردیدا (دەڤەری بادینان 2010-2020)بەنموونەی چەند شاعیرێك وەردەگرین ،و باس لەو تەکنیـکە هونەریانە دەکەیـن کە ئەوان بەکاریان هێناوە و چۆن کەلتـورە ناوچەییەکان پشت گوێ دەخرێن و بەزاندنی سنورەکان دەکەن.
لەم توێژینەوە یەدا، تەنها یەك میتودی دیاریکراو پەیرەونەکراوە، چونکە سروشتی کارەکە ئەوە دەخوازێت، کە زیاتر لە میتۆدێك بگیرێتە بەر، تاوەکو هەموو ئاراسـتە و رەهەندەکانی ناو تێکست بۆ رۆنکردنەوەی پەیامی جیهانگەرایی رۆشنبیری روناك بکاتەوە.ئەویش میتودی(تەکاموليیە).
شایەنی باسە لەم توێژینەوەیەدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکەوین، کە ئایە شـیعرەکانی شـاعیرانی ئەم قوناغە گوتارێکن دژ بە جیهـانگەرایی، یاخـود لە گەڵ ئەو جیهانگەراییە ئەرێنیە هاوشانن کە بۆ مەبەستی گەشەکردنی شارستانیەتن و کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبەن، هەروەها ئایا کۆمەڵگاکە لە سەر بنەمای کرانەوە دەگەشێتەوە؟

### بەشی یەکەم:1-بنەما و رەهەندەکانی جیهانگەرایی

#### 1-1-چەمکی جیهانگەرایی
جیهانگەرایی ئەو وشە سیحراوییە، کە جیهانی بەخۆوە سەرقالیکردووە. لە چەرخی رابردوودا و لە سـەرەتای نەتەوەکانەوە و تا ئێسـتا بووە بە دیاردەیەك و توانیویەتی بچێتە ناو جەرگەی بوارەکانی ژیانی هاوچەرخەوە لە رووی هزر و رۆشنبیری و زانستی و ئابووری و... هتد، هەروەها گەلێك دیالۆك و پرسیار و گەنگەشەی بە خۆ وەرگرتووە. لە بواری کارەکیدا ئەمە وەك راستییەك قبوڵکراوێت، یان رەتکردنەوەی هەبێت بوونی هەیە، دیسانەوە ملکەچی ببن، یان دژی راوەستین، یان لە گەڵیدا برۆین و بەشداری لە گەڵدا بکەین، یان بە هێوەری و ترس رەفتاری لە گەڵدا بکەین. (العانی، 2009: 27)، ئەو بۆچوونەی، کە لە سەرەوە خراوەتە روو، تاکو ئێستا جێگای مشتومر و گەنگەشەیە و وەستانی بۆ نییە ئەمە نەك لە ناو ئێمەدا، بەڵکو لە سەر ئاستی جیهاندا بەردەوامە.

زۆرینەی ئەوانەی، کە بابەتی جیهانگەراییان بەلاوە گرنگە ئەو دەڵێن، کە ئەم زاراوەیە لە گەڵ ئەوە، کە نوێیە، بەڵام لە سالانی شەستەکانەوە لە ناو ئەدەبی ئەکادیمی و مللیەوە سەری هەڵداوە و لە ساڵانی ئەوکاتدا و بە هۆی زۆری بەکارهێنانیەوە باو بووە و لە سەردەمی نوێدا بۆتە زانستێك و بە تایبەت پاش ڕوخاندنی دیواری بەرلین (1989) و نەمانی یەکێتی سۆڤیەت و دابەش بوونی ئەمە زیاتر برەوی پێدراوە (عبدالله، 1999: 39).

جیهانگەرایی یەکێکە لەو دیاردانەی کە پەیوەندن بە سیستەمی جیهانی نوێوە، کە سەرەتاکانی بۆ کۆتاییەکانی چەرخی بیستەم دەگەڕێتەوە، چەمکی دیاردەکە لەوە بوو، کە (گرنگییەکی گەورەی لە ناو گۆرەپانی نێو دەوڵەتی لە هەموو ئاستەکانی ئەکادیمی و رامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری هەبووە، هەروەها ئاستی دەزگاکانی راگەیاندن و رای گشتی بە خۆوە گرتووە) (أیمن، 2012: 21). لەبەر ئەم گرنگی پێدانە دیاردەکە تـوێژینەوەی فـراوانی بەخـۆوە گرتـووە. سـەرەرای ئەمە چەمکی جیهـانگەرایی ڕەواجێکی گەورەی بەخۆوە دیت، بە تایبەت لە گۆڕەپانی جیهاندا و ژمارەیەکی زۆری بیرمەند و توێژەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا باسیان لێدەکرد وەك؛ کۆمەڵناس، رامیارکار، ڕۆشنبیر ... هتد.

دارشتنی پێناسەیەکی هەمەلایەن و ڕوون بۆ ئەم دیاردەیە کارێکی قورسە، چونکە فرە ڕەهەندی بەخۆوە گرتووە، سەرباری ئەوەی کە لێکۆلەر و توێژەرەکان پێناسەی جیاوازیان لێ دارشتووە، بە واتایەکی تر جیاوازی و هاودژی لە دیاریکردنی پێناسەکاندا دەبینرێت، کە پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ دانەنراوە، چونکە (زاراوەیەکە لە ناو مێشکی زۆربەی کەسەکان شاراوەیە و زاراوەیەکی زمانی و فەرهەنگی نییە، کە بتوانین بە ئاسـانی پێناسـەی بـۆ دابنێین، سـەرەرای ئەمەش چەمکێکە زۆر بە قـووڵی چووەتە ناو هەموو ئەو ئاراستانەی کە وەسفی جوڵەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان دەکات) (یاسین، 2001: 39).

ئەو راستییەی کە پێویستە بیزانین ئەوەیە، کە چەمکەکە دوو دڵی لە ناو ناخی مرۆڤدا دروست دەکات، (ئەم زاراوەیە هەتاکو سـەرەتاکانی نەوەتەکانی چەرخی بیسـتەم بە شێوە زمانییەکەی، ئینگلیزی، فەرەنسی، یان بە وەرگێڕانی عەرەبی، کوردی، بوونی نەبووە) (عبدالرحیم، 2002: 122).

سەرەتای پەیدابوونی جیهانگەرایی لە ئەمریکا سەری هەڵداوە بە واتای (گشـتاندنی شـەتان و فراوانکردنی بازنەکەی تاوەکو گشـت بکـرێتەوە، واتە جیهـان بـکەتە یەك جیهان بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە یەك ئاراستەی هەبێت و لە ناو چوارچێوەی یەك شارستانیەتدا کۆببێتەوە، لەبەر ئەمە دەتوانین بە (گەردوونی، یان هەسارەیی) ناوزەدی بکەرێت) (الرقیب، ؟: 5 – 6). چێی ئاماژەیە هەر یەك لە (بولدین داڤیس و ئولیڤەر رایزەر – **Boldwin Davies** and **Oliver Rayzer**)، بە یەکەم کەسانێك دەژمێردرێن لە بەکارهێنانی کاری بەجیهانیبوون – to globalization.(نصار،104،2015).

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە گەردوون وەك یەك یەکە تەماشا دەکرێت، کە بە یەکەوە گرێدراون، هەروەهـا نزیکبوونە لە نێوان ڕۆشـنبیران و شارسـتانیەکان و بە یەکیان دەگەیەنێت (عویشە، 2013: 4)، شایەنی سەرنجە جیهانگەرایی بە پرۆژەی سیاسی ئەمریکا لە ناو قۆناغی دوای شەری ساردەوە گرێدراوە، ئەم چەندە لە لایەن لێکۆلەر (پۆل فابرا – Paul Fabra) لە وتارێکی، کە لە رۆژنامەی (le mmonda) لە 30/ 9/ 1961 باسی لێکردوە کە (دیالۆگەکانی جـۆرج کێنـدی لە 4/ 5/ 1962 بانگەشەی بۆ دەکات) (عویشە، 2013: 6)، سەرەرای ئەمە چەمکی جیهانگەرایی لە (فەرهەنگی جیهانی نوێدا)، کە (وێبیسـتەر -) داینـاوە دەڵێت (جیهانگەرایی globalization وەرگرتنی شتەکانە بە بەرگێکی نوێوە) (533 :Webster, 1991).

شـایەنی باسـە لە ناو ئینسـکلۆپیدیایی ( world English Dictionary Ecart)، کە دکتـورە (Anna Soukhanov) سـەرپەرشـتی کردووە بەم شـێوەیە باسی لێدەکات، کە (جیهانگەرایی ئەو پرۆسەیە، کە بواری ئابووری ڕەهەندێکی جیهانیی وەردەگرێت) (راشد، 2002: 32)

وشـەی جیهانگەرایی لە (گونـدی گەردوونی - global Village)، کە (مارشـاڵ ماکلوهـان – Marshall Makluham) لە کۆتایی شەسـتەکانی چەرخی رابردوو هاتووە، کە داکۆکی (بە دیدی کەمکردنەوەی خێرایی و کەمکردنەوەی مەودای جوگرافییە بە مەرەمی جووڵەی خێرایی زانیاری لە سـەر گـۆی زەمین بە شـێوەیەکی ئەوتۆ، کە هەر گۆڕانکارییێك، یان ڕووداوێك، یان هەر بابەتێکی هەستیار لە هەر کوێیەکی هەسارەی زەمین ڕوویدات، هەموو دانیشـتووانی لە هەر جێگا و وڵاتێك بن ئاگاداری لێبکرێتەوە، ئەمە پەیوەندی بە گۆڕانکاری کات و شوێنەوە هەیە (محسن، 2008: 12). ئەم گۆڕانکارییە تێگەیشتنێکی نوێیە بۆ مـرۆڤ، کە وزەی نـوێ بۆ ڤالاکردنی بوارەکانی ژیان، کە تا ئەم سەردەمە نە بیستوویەتی و نەگوێی لێبووە.

**1-2-پێناسەی جیهانگەرایی رۆشنبیری**

زاراوەی جیهانگەرایی ڕۆشـنبیری لە دوو بێژە پێکهاتووە؛ جیهانگەرایی لە گەڵ ڕۆشـنبیری، بۆ ئەوەی لەم مەبەسـتە بگەین پێویستە هەریەکێك لەم بێژانە بخەینە ڕوو، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە لە سەرەتا و ناوەندی ئەم بەشە راڤەی پێویستی بۆ دەکەین.

- جیهانگەرایی ڕۆشنبیری: باکراوەند و سەرچاوەی هەموو جیهانگەراییەکانی ترە کە (ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و سـیاسی) دەگرێتەوە، مەبەسـت لە ئەمە ئەوە بەهـا سەرەکییانەیە، کە لە ناو کۆمەڵگا دیاریکراوە (الطیب، 2005: 146)، لێرەدا تێبینی ئەوەی لێ دەکرێت، کە مەبەسـتی تێرکردنی هەمـوو پێویسـتییەکانی تاکەکەسـانە بە رێگای عەقل و ئیدراك لە گەڵ کۆنترۆلکردنی و گۆرینی ڕێرەو، بەهاکان، کەلە ناو میللەتدا بڵاوە و ئەمەش بە سود وەرگرتنە لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ، کە مەودایەکی باشی بۆ ئەمە ڕەخساندووە.

- جیهانگەرایی ڕۆشنبیری: بوار ڕەخساندنە بۆ ڕۆشنبیری سەنتەر و بە ڕێگای نێودەوڵەتیکردنی ئەمە و نەهێشتنی ڕۆشنبیری پەراوێز، کە بە ڕێگای کاریگەریکردنی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا بەدەست دەکەوێت، هەروەها بە شێوازکردنی بەهاکان و گونجاندنیان لە گەڵ رۆشنبیری بازار و تێپەڕانـدنی سـنوورەکانی و نەهێشـتنی تایبەتییە لۆکاڵیەکان، یان ئاوێتەکردنی لە ناو چوارچێوەی ڕۆشـنبیری گەردوونی و گەشـەکردنی ڕۆشـنبیری وێنەی فەراهەمـدەکرێت (الحمید، 2012: 6). شـایەنی باسـە ئەوەی لێرەدا بە ئامانج دەکرێت ئەوەیە بڵاوبوونەوەی ڕۆشبیرییەکە کە دەزگاکانی نێودەوڵەتی – زۆربەیان ئەمریکین – بەرپرسن لێی و ئەمەش رێگە خۆشکەرێکە، کە ئەوان کارتێکردنێکی ڕاستەوخۆ بکەنە سەر کۆمەڵگای جیهانی، واتە لە دورترین شوێنی ڕۆژهەلات، تا دەگاتە دوورترین شوێنی رۆژئاوا ئەم کارتێکردنەی هەبێت. بێگومان ئەم جۆرە جیهانگەراییە بە ترسناکترین جۆری دادەنرێت، کە لە گەڵ جیهانگەرایی ئابووری ئاوێتە دەبێت.

- جیهانگەرایی ڕۆشنبیری: زانا (بریگنزی) ئاماماژە بۆ ئەوە دەکات کە (دەرکەوتنی ڕۆشنبیری وەك کالایەکی جیهانی و بازارپێکردنی، پاشان سەرهەڵدانی هوشیاری و ئیدراك و تێگە و ڕەمز و ئامرازەکانی ڕۆشنبیری ئەمانە هەموویان دەبنە خاوەن شێوازێکی تایبەت بۆ گەیاندنی ئەم ئامانجە (عبدالله، 1998: 171). مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە ڕۆشنبیری ببێتە کارێکی ڕەمزی دوژمنکاری، کە هەموو ڕۆشنبیریەکان بە ڕێگای توندوتیژی چەك بە سەریدا بسەپێت و ئەمەش هەڕەشە لە سەر ڕۆشنبیری هەموو کۆمەڵگاکان دەکات.

- جیهانگەرایی ڕۆشنبیری: ئاوێتەکردنی سیاسەتەکان و ئەو کارتێکردنانەیە، کە لە ئەنجامی گەیاندنی ڕۆشنبیری دروست بووە، ئەمەش لە ئەنجامی نایەکسانی هاتۆتە کایەوە، کە پێدەگوترێت (ڕۆشنبیری جیهانگەرایی)، کە بریتییە لە ڕۆشنبیری سەرمایەداری و لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە (نورالدین، 2018: 35).

جیهانگەرایی ڕۆشنبیری بە واتا گشتییەکەی چەمکێکی ئاڵۆزە و ناتوانرێت پێناسەیەکی دیار و سنووورداری بۆ دابڕێژین، بەڵام لە بنجدا لە لایەنی ناوەڕۆکەوە دیاردەیەکی بەردەوامە لە هەموو کەرەستە و پێکهاتە و گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیا و سیاسی و ئابووری پێك هاتووە کە تاك و کۆمەڵگا لە سنووری کۆمەڵگەی لۆکاڵییەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی فراوانی جیهانی دەگوازێتەوە

**3-1-بنەماکانی جیهانگەرایی روشنبیری:**

جیهانگەرایی ڕۆشنبیری ژمارەیەکی زاراو و چەمکی جۆراوجۆری خواستووە، هەر دەرچوێنێك لەم چەمکانە دەبێتە جێگای ئەوەی کە مشتومڕێکی زۆر بە خۆ وەربگرێت، لەم باسەماندا ژمارەیەکی زۆری چەمك و زاراوەکان باسدەکەین، کە دەبنە بنەمایەکی سەرەکی لە پراکتیزەکردنیان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، سەرەتا باسی ئەو زاراوانە دەکەین، کە لە ناو شیعری هاوچەرخی کوردی ناوچەی بادینان بوونیان هەیە:

**1-3-1 – سڕینەوەی کلتورە ناوچەییەکان (کلتوری تەکنەلۆژیا) The erosion of local cultures (technological culture)**

جیهانگەرایی ڕۆشنبیری ئەو دیاردەیە، کە دەرئەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەرپابووە و بواری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ڕەخساندووە، کە دەستەڵاتێکی ڕەها و هەژموونی خۆیان بە سەر جیهاندا بسەپێنێ، ئەمە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و شوناسی ڕۆشنبیری، نەتەوەیی و نیشتیمانی بەخۆوەی گرتووە، واتە؛ (سڕینەوەی کەلتووری ناوچەیی دەبێتە ئامراز و ناوەڕۆکی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری، کە کەلتووری تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنی ئامرازێکی تری ئەمەن، ناوەڕۆکی بیرەکە لەوەدایە، کە پرۆگرامی هزری و دید و بۆچوونی ئەدەبی و ڕێباز و میتۆدە ڕەخنەییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە (شاکر،2011،: 122).

پێویستە لێرەدا باسی تیۆری چەقاندنی ڕۆشنبیری بکەین (Culture Theory)، کە بریتییە لە (ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە کاریگەریەکی گەورە لە سەر تاکەکەس، یاخۆد کۆمەڵگا بەجێدەهێلێت. ئەم تیۆرە لە ساڵانی هەشتاکاندا سەری هەڵداوە و لە چەرخی رابردوو لە سەر دەستی (گاربنەر) دروست بووە (شاکر، 2011: 116).

ئەم تیۆرە سەرەڕای ئەوەی لە سەر تەلەفزیۆن دانرابوو، بەڵام لە سەر گەلێك بابەتی تر پراکتیزەکراوە بە تایبەتی ئەوانەی، کە پەیوەندییان بە هزر و سیاسەت و ڕۆشنبیرییەوە هەیە، ئەم پرۆسەیەدەبێتە هۆکارێك بۆ تواندنەوەی کەلتوری ڕۆشنبیری و ناسنامەی گەلان.

**2-3-1 – مردنی ئایدۆلۆژییەکان (ڕۆشنبیری جیهانی)**

لای هەندێك لە توێژەیەکان زۆر جار تێکەڵیەك لە نێوان لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆژیەت و ئایدۆلۆژیەکان دروست دەبێت، (لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆژیا، لێکۆڵینەوەیە لە جۆرێك لە جۆرەکانی بیری سیاسی، کە فەلسەفەی سیاسی، یا خود زانستە سیاسییەکان لە یەکتر جودا دەکات) (حسن، 2010: 101)، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆژیەکان بریتیە لە (لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی بیری سیاسی و تیۆرە بیرەکان، لە هەر بەراوردی لە نێوان ئایدۆلۆژیەکاندا دەکات (عبدالله، 2012: 2389). واتە لێکۆڵینەوە لە پەیدابوون و گەشەکردن و پراکتیزەکردنی هزرەکان دەکات، بەڵام لێکۆڵینەوە لە ئایدۆلۆژیەکان باسی هزرەکان بە خۆی دەکات و چۆنیەتی گەشەکردنیان و بەراوردی لە نێوانیدا دەکات.

شایەنی باسە بنەمای مرۆڤی ئایدۆلۆژیا پەیوەندی بە دەستەواژەی جیهانگەرایی و جیهانیبوونەوە هەیە، (جیهانیبوون کرانەوەیە بۆ جیهان و ڕۆشنبیریەکانی تر، بەڵام جیهانگەرایی ڕەتکردنەوەی ئەوانی ترە و سەپاندنی ئیختراقی ڕۆشنبیریە لە شوێنی ململانێی ئایدۆلۆژی) (جابلی، ب. س: 174). بەواتایەکی تر جیهانگەرایی فەرزکردنی هەژموونی ڕۆشنبیریە، بەڵام جیهانیبوون ئاواتی ئەوە بە تایبەتمەندی لۆکاڵی بۆ ئاستی جیهانی بەرز بکاتەوە، واتە مردنی ئایدۆلۆژیەت نەهێشتنی ئاگایی چینایەتی و نەتەوەیی و ئایینی و بیروباوەرە.

ئەوەی جێگای تێرامانە پاش هاتنی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری بۆ ناو ئەدەبیات، دەستەواژەیەك بڵاو بووەوە، کە جەخت لە سەر مردنی ئایدۆلۆژیا بکات و ئەدەبی ئایدۆلۆژی و پێگیر و پابەند بوونی بسڕێتەوە.

بونیادی گشتی هەر ئایدۆلۆژیایەك – لە ناو ئایدۆلۆژیە گەورەکاندا دیارە – لە ڕێرەوێکی بیر و راستیە ڕەهاکان پێکهاتووە و دەربڕین لە کاروانی تاکەکەس، یاخود گرۆپ دەکات ئەمانە لە چرکەساتی مێژوویی دیاریکراو هاتوون، ئەوەی لێرەدا مەبەستمان بێت، زاراوەی (مردنی ئایدۆلۆژیا)یە، کە لە زۆربەری لێکۆڵینەوەکان بەکارهاتووە.

شایەنی باسە هەمان مەبەست لە کتێبی (مردنی ئایدۆلۆژیا)ی (دانیل بیل) باسکراوە، کە لە ساڵی 1961 بڵاوکراوەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە ئەم دەستەواژەیە (مردنی ئایدۆلۆژیا یان کۆتایی ئایدۆلۆژیا)، وەك دەستەواژەکانی تر (مەرگە نووسەر، مەرگی مرۆڤ)، (کۆتایی مێژوو)، ئەم بابەتانە لە نێوان ڕۆشنبیراندا جێگای مشت و مڕ و دانوستاندنە. دروشمی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری لە تیوری مردنی ئایدۆلۆژیاوە سەری هەڵداوە، (کە قوناغی سەرکەوتنی هێزی یەکانەیە و گۆڕینەوەیەتی بۆ هێزی دەسەلاتداری، ئەمە ڕووبەڕوبونەوەی مێژوویی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورە ناوچەییەکان بوو) (حنفی، 2010: 110)، هەروەها مرۆڤی ئایدۆلۆژیا لە ناو جیهانگەرایی ڕۆشنبیریدا بریتیە لە (کۆمەڵێك هزر و بیر دەربازی دەوڵەت و نەتەوە و مرۆڤ و ناسنامە و ڕۆشنبیری) (عبدالله، 2012: 411)، ئەمە بریتیە لە سنووردارکردنی ڕۆشنبیری ناوچەیی و گشتاندنی ڕۆشنبیری سەنتەری و نەهێشتنی ئایدۆلۆژیای نەتەوەکانە.

**3-3-1 – بەزاندنی سنوورەکان (وەرگری جیهانی)**

ئەدەبیات لە سەرەتای چەرخی بیستەم و بیست و یەکەم رووبەڕووی گەلێك هەڕەشە بۆتەوە، دەتوانین جەخت لە سەر ئەوە بکەین، کە بزوتنەوەی شیعری نوێخوازی و پاش نوێخوازی هەوڵدانێکە بۆ چوونی بۆ ناو کاروانی جیهانگەراییەوە، ئەمە بە رێگای نووسینی هەندێك دەقی شیعری، کە کاریان بۆ ئەوە کردووە، کە سنوورەکان لە نێوان ژانرە ئەدەبیاتەکاندا ببەزێنن و دووانەیی کلاسیکی: شیعر/ پەخشان نەهێڵن (بەزاندنی سنوورەکان لێرەدا سەرەتای دۆزینەوەیە، دۆزینەوەی خۆ و رزگارکردنی و دۆزینەوەی ترە) (عبيد، 2019: 106)، کەواتە شیعر لە سەردەمی جیهانگەرایی رۆشنبیریدا، بریتیە لە گەیشتن بە رۆشنبیری ئەوی تر و لە هەمان کاتدا گەیشتنە بە ناخی شاعیردا.

بەزاندنی سنوورەکان شیعری بەرەو بینینێکی نوێی برد، کە (گۆڕینی سیستەمی شتەکانە، پەیوەندیانە، دەقی شیعری شعیری بەرەو فۆرمی نەناسراو برد) (عبيد، 2019: 201)، واتە بەرەو ڕێگایەکی نارِوونی ئاراستەکرد، کە لە هەندێك شوێندا شیعرەکەی بە (هەڵبەستی جیهانگەرایی) ناوزەدکرد، لێرەدا شیعر دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە، کە زیاتر بوێری تێدا دروست دەبێت (نووسین و داڕشتنەوەیەکی نوێ و پێگیری بە سماندنی ئاخاوتنە، لە رووی ڕێرەوەوە گۆڕانکاری لە دووبارە بنیاتنانی بۆشایی (شوێن و کات) کردووە، شیعری لە خەون و خەیاڵ دوور خستۆتەوە و بە بابەتی هەست پێکراو خستویەتیە روو (ئازاد،2004، 201).

کەواتە دەقێکی شیعری جووڵە ئامێز فرە ئامراز و هەستە و توانای پێوەلکانی لە گەڵ هەموو تێکیستەکانی تر هەیە و بێ بەربەست باوەشی بۆ هەموو گۆڕانکارییەکان کردۆتەوە، چونکە دەقەکان پارچەکن لە ئەزموون و ئاگایی مرۆڤ و گوزارشت لە کۆگایەکی مەعریفی و ئیستاتیکی مرۆڤ دەکەن.

کارتێکردنی جیهانگەرایی رۆشنبیری بۆ سەر شیعر پێویستی بە دانوستان و بەدواداچوون هەیە، چونکە ئەمە رووداوێکی بابەتیانەیە و پێویستە وەك بابەتێکی حەقیقی رەفتاری لە گەڵ بکرێت و نەك رەتبکرێتەوە، لەوانەیە جیهانگەرایی رۆشنبیری ببێتە هێزێکی گەشەسەندنی ئەرێنی و وەك بزوتنەوەیەك رەفتاری لە گەڵ بکرێت و باشترین رێگە ئەوەیە لە گەڵیدا بژین نەك بەلاوەی بنێین.

**بەشی دووەم:2- جیهانگەرایی رۆشنبیری و بەزاندنی سنوورەکان**

بەزاندنی سنوورەکان شیعری بەرەو بینینێکی نوێی برد، کە (گۆڕینی سیستەمی شتەکانە، پەیوەندیانە، دەقی شیعری شعیری بەرەو فۆرمی نەناسراو برد) (زمام،2001،201)، واتە بەرەو ڕێگایەکی نارِوونی ئاراستەکرد، کە لە هەندێك شوێندا شیعرەکەی بە (هەڵبەستی جیهانگەرایی) ناوزەدکرد، لێرەدا شیعر دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە، کە زیاتر بوێری تێدا دروست دەبێت (نووسین و داڕشتنەوەیەکی نوێ و پێگیری بە سماندنی ئاخاوتنە، لە رووی ڕێرەوەوە گۆڕانکاری لە دووبارە بنیاتنانی بۆشایی (شوێن و کات) کردووە، شیعری لە خەون و خەیاڵ دوور خستۆتەوە و بە بابەتی هەست پێکراو خستویەتیە روو (زمام،2001،202).

**2-1-گۆڕانکاری لە ئاستی هزردا**

گۆڕان بابەتێکە کە لە واقیعدا ناتوانین نکۆڵی لێبکەین و بزوتنەوەی شیعریش بەر ئەم گۆڕانکارییە دەکەوێت، ئەگەر ئەم پرۆسەیەی تێدا ڕوانەدات ئەوە بە چەقبەستوویی دەمێنێتەوە و لە گەشە دەکەوێت و سست و لاواز دەبێت، شایەنی باسە گۆڕانکاری لە ئاستی بیردا دروست دەبێت و هەموو بنیاتی گشتیی رۆشنبیری بە خۆوە دەگرێت. بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەمە بۆ ئەو بەرەوپێشچوونەیە، کە لە سەر ئاستی رۆشنبیری و ئاگایی تاکی مرۆڤ و کۆمەڵگا سەرهەڵدەات و دروست دەبێت.

شیعری هاوچەرخی کوردی کاتێك بەر گۆڕانکاری دەکەوێت بە شێوەیەکی سەرەکی دەرکردن پێی لە ئاستی شێوا ز و بنەماکانیدا دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی دیارکراو ناتوانین هەستی پێ بکەین، واتە ناتوانین بڵێین ئەم گۆڕانکاریە تەنها لە لایەنێکی شیعری دەبێت، بەڵکو هەموو پێکهاتەی شیعری دەگرێتەوە و بە شێوەیەکی گشتی لە ناو تێکستدا دەبینرێت و بە تەنها هزر ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو داهێنانە دەگرێتەوە، کە کۆی گشتی بیر و تێکستی تێدا بەرهەم هێنراوە.

لەم بابەتەدا هەوڵی ئەوەمان داوە، کە جیاوازی نێوان تێکستی هزری و ناهزری بخەینە روو، چونکە تێکستی راستەقینە ئەوە، کە لە روحیەتی مەعریفی و بیری بێ بەهر نییە، هەروەها ئەو تێکستە لە گەڵ ئیستاتیکیای چێژوەرگرتن تێکەڵدەبێت.

سەرکەوتنی ئاستی تێکستی ئەدەبی لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر هەندێك پێوەری کەسایەتی شاعیرانی خۆی، نەك ئەو پێوەرانەی، کە باون، چونکە شاعیر پشت بە قەناعەت و ئەزموونی خۆی دەبەست، کە بە درێژایی چەند ساڵ لە بواری نووسیندا بە دەستی کەوتووە، بۆیە زۆر جار دەبینین تێکستێکی سادە دەبێتە خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان و دەبێتە مایەی ئەدەبی، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری دروست کردبێت و بە پێچەوانەی ئەمەوە دیسانەوە راستە.

**2-2- دۆزینەوەی خود**

دۆزینەوەی خود، یەکێکە لە ئەو چەمکانەی، کە تەمومژی بەخۆوە دەگرێت، چونکە زۆر بواری مەعریفی بەخۆوە دەگرێت وەك دەروونناسی و فەلسەفی و ئەدەبیات و لە ناو شیعری هاوچەرخدا دۆزینەوەی خود پرۆسەیەکە بە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و رەنگە لە دەرەوەی ئەزموونی نووسین بێت، چونکە (دۆزینەوەی خود) خاوەن ئالیەت و راستی و بابەتیە و دەبێتە مەرجەعیەتێك، کە بارودۆخی شاعیری هاوچەرخ پێك دەهێنێت، هەروەها حاڵەتی شاعر لە دەرەوەی شیعردا بەدیاردەخات، چی وەك کەسێك، کە بۆتە خاوەنی پاڵنەرێك، کە شیعری تێدا بەرهەم بهێنێت، یان دەبێتە خاوەن باکراوەندێکی ئایدۆلۆژی، کە بنیاتی شیعرەکانی لە چوارچێوەیەکی هزریدا دابڕێژێت (محمدی، 2018: 13).

باسکردنی ئەزموونی شیعری هاوچەرخ لای شاعیرانی ئەم قۆناغەمان دەستنیشانکردن، ئەمە وەك پێویستییەکە، چونکە شیعری کلاسیکی هەموو پێویستییەکانی شیعری جێبەجێ نەدەکرد و بە تایبەتی بابەتی خودی و جیهانی، ئەمە وەك بابەتێك پرسیارێکی نەتولوژی دروست دەکات و شاعیر دەخاتە نێو ئالۆزییەك، کە لە هەبوون تێبگات، هەروەکو شاعیر (ئەحمەد مستەفا) لە شیعری (ئاخ)دا دەڵێت:

**"من دڤێت ژ تە پرسم**

**يێ تو هەردەم د سەرێ مندا دپرس**
**من گوتە وی ئاخ چییە؟**
**گوت تۆ خر ئاخی**
**من گوتە ستێرەکێ ئاخ چییە؟**
**گوت ئەز خر ئاخم**
**من گوتە دەریایەکێ ئاخ چییە؟**
**گوت تژی من ئاخە**
**من گوتە ئاسمانی ئاخ چییە؟**
**گوت کەون خر ئاخە**
**ئەرێ جهێ وی د سنگێ تەدا دکەتن؟**
**نزا ئەز تنێ ژ ئاخێ بگومان کەفتیمە؟**
**یان ژی ئاخ هێڤێنێ گومانێ یە؟**
**ئەڤ گومانە چەند حیزە، چەند بالکێشە**
**ب چ رێکا ژێ قورتال نابم"** (گوڤارا پەیڤ،2011،198)

لێرەدا خەم وەك دیاردەیەکی سۆزیی و بیری جەختی لە سەر فەلسەفەدا دەردەکەوێت و دیاری دەکات، ئەم بابەتە لە شیعری (ئەحمەد مستەفا) دەردەکەوێت، کە تووشی نا هاوسەنگی دەروونی دەبێت، ئەوەی لە نێوان خودی خۆی و واقیعی دەرەوەدا بوونی هەیە، هەروەها ئەم شیعرە بە یەکێك لە ئەو شیعرانە دادەنرێت، کە وتاری دیتنەوەی خودیی تێدا بەدەردەکەوێت، لێرەدا شاعیر دەیەوێت لە گەڵ خودیی خۆی تەفاعولی بکات و بابەتێك هەڵبرژێدرێت لە گەڵ دەروونی وەرگردا بەرامبەر دیتنەوەی خودیی خۆی بگونجێت و بە ڕێگای دەربڕینەکانییەوە ئاگادارمان بکاتەوە، وەکو (د سەرێ مندا، ئاخ چییە، ئاسمان، چەند بالکێشە، هێڤێنێ گومانێ، قورتال نابم)، ئەمانە هەموویان ئێمەی پێی ئاگاداردەکاتەوە، کە لە ناوەوەی خودیی خۆی پەنگی خواردۆتەوە.

لێرەدا ئەو بابەتانەی کە داب و نەریتەکانی ناو کۆمەڵ حەرامیان کردووە و داویانەتە پاڵ ئایین، شاعیر رەخنەیان لێدەگرێت و بە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵ لە قەلەمیان دەدات و شاعیر لە هەموویان یاخی دەبێت وەك سەرچاوەیەکی کوشتنی جوانی و ئازادیەکانی ژن دایان دەنێت.

باسە شاعیر (موحسن قوچان) لە ناو دەقە شیعریەکانیدا هیچ کێشەیەکی لە گەڵ خوداوەند نییە، لە گەڵ ئاسمان و گەردوونی بێ سنوور نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەوە لە گەڵ مرۆڤاندایە، لە گەڵ دەوروبەری خۆی و ماڵ و باوك و نیشتیمان و ئافرەت و رژێم و سیاسەتمەدارەکانە.

(محسن قوچان) بە دوای بەختەوەری ئەبەدی دەگەڕێت، ئەو بە دوای نیشتیمانێك دەگەرێت، کە شوێن بۆ هەمووان دابین بکات، شوێنی هەموو گوناهکاران و بێگوناهەکان بکاتەوە، شوێنی ئافرەت سوزانی و شۆرشگێر و بەساڵاچووان دابین بکات. (قوچان) کاتێك بیر لە یەزدان دەکاتەوە، بیری ئەو لە کەسانی یاخیبوونی ناو کۆمەل دەکاتەوە، کە لە خزمەتی کۆمەڵگاکەدا بین، ئەو بە دوای خودایەك دەگەڕێت، کە قامچییەکی بەهێزی بەدەستەوە بێت هەموو ئەمانە فەلاقە بکات، کاتێك دەڵێت:

**"د میرنشینا گلگلادا**
**مار دبنە شێر**
**دەما تاری سیڤاندێن شەهدایی د ئالیسیت**
**لبەر چەنجەرێن مە**
**ئەڤ جامێن وان ترسێ خوارین"** (قوچان، 2011: 345).

شایەنی باسە لە جێگایەکی تردا شاعیر (بەیار باڤی) لە شیعرێکدا و لە ژێر ناونیشانی (جودابوون ژ خودیی)، هەندێك بابەت دەبینێت مرۆڤی ئاسایی هەستیان پێناکات و ئەو بە ڕێگای هەندێك دەربڕین ئەمانەمان بۆ دەورژێنێت، وەکو: (لاستیك، گرژدبن، راکێشان، بوون، وریندێن) شاعیر هەندێك وێنە و هێما بۆ بابەتەکان دروست دەکات و لە ناو ئەو گۆڕانکاریانە دەژیت، ئەوەی کە لە واقیعی خویدا هەیە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات، کە جێگایەك بێت بە تەنها پەیوەست بە ناخ و خودیی ئەو بێت و لە سێبەری ئەو دەلالەتە قوڵە، یان ناوەندە، یا لاوازە بێت، کە دەبنە جەڤەنگی پێکەوە گرێدان و دەبنە خاوەن ئاماژە و یەك لە دوای یەك ڕایەڵێکی واتایی دەردەبرن و کۆتاییان نایەت، وەکو شاعیر دەڵێت:

**"دەم وەکو لاستیکەکا چرە**
**گرژ دبن و هندەك جاران دهێتە کێشان**
**هەست ب هێزا راکێشانێ دکەی ل مێشکێ**
**بوون**
**بوون**
**وەکو وریندێن ل دەمێ لەرز و تایێ دا**

**هەناسا پێنڤەدانێ هەلمدژی**
**پشتی چاڤەرێیوونەکا درێژ و**
**بێزابوون ل دووبارەنەبوونەڤەیا**
**پاییز دهێت و شەختە سەرپامان دادپۆشێ**
**لبهارێدا گول سەردکەڤنەڤە"** (گوڤارا پەیڤ،ژمارە 215،2011،75))

دیسانەوە ئاماژە بۆ بابەتێکی گرنگ دەکەین، ئەویش بەزاندنی سنورەکانە، کە دیتنەوەی خودیی پێکدێن و دەبێتە مایەی هەبوونی سەربەخۆیی، مەبەست لە ئەوە ئەوەیە، کە مرۆڤی بوون مرۆڤایەتی بۆ خۆی و ژیانی بە شێوەیەکی مرۆڤانە دروست بکات و دوور لە سیستەمێکی ئاژەڵانەوە گیرەشێویانە و ئاژاوەگێڕی، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەست بە هەبوونی سەربەخۆیی نەکات بە دوای ئەم بەهایانە ناگەڕێت. هەروەها هەست بە ئارامی بکات و هەست بە بزە و پێکەنین بکات و خۆی لە ڕەشبینی دوور بخاتەوە و بە سەریا زاڵبێت، بۆیە بە بەردەوامی جەخت لە سەر دیتنەوەی خودیی خۆی دەکات بۆ پەیداکردنی بەختەوەری دەیگاتە هەوێن، لەم ڕووەوە (قۆچان) دەڵێت:

**"لغافێ ڤیاتا خۆ بەردە**
**خو هوی بکە شەنگەپەندا**
**((بۆ هەر و هەر گرتژینێ))**
**هەکو جولاندکا کەنیاتە**
**بنازداری خۆ د هەژینیت**
**ئوتێن مۆسیقەکا نووخواز**
**پەردا بەهی تێن درینێ**
**هەبوون کارەك سەربەخۆییە**
**کێژ تەرەسە تو بشاشی تێکەهاندی**
**"دڤێ ژیارێ دا**
**هەر تشتەکی خوپکەك هەیە**
**ڤیان خەمە و**
**کریە بهایێ کەنینێ**
**ژیار رستەکا کاڤایە"** (قوچان، 2010: 173)

**2-3- گەیشتن بە ڕۆشنبیری ئەویتر**

پێویستیەکی گرنگە کە لەم چەرخەدا بەدوای ئازادی و خۆرزگارکردن لە ڕۆشنبیری ڕقلێوەبوون بگەڕێین، کە تارمایی بە سەر میللەتانی جیهاندا داگرتووە، هەروەها خۆرزگارکردن لە دوژمنایەتی ئەوی تر و ئەو ڕقلێبوون و داخبارییە بۆ خۆشەویستی بەرامبەر بگۆڕدرێتەوە. هەروەها پێویستی بەوە هەیە لە گەڵ بیروبۆچوونی بەرامبەردا تێکەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایێکی تەندروست و مرۆڤ پەروەر بنیات بنرێت و ئەمانە هەمووی لە سەر خۆشەویستی ئاوا بکرێت.

گەیشتن بۆ ڕۆشنبیری ئەوی تر زۆر بەرفراوان و قوڵە و تیۆری ڕۆشنبیری هەروەکو (ئیدوارد تایلوری)، لە کتێبی (ڕۆشنبیری دەستپێك) ئاماژەی بۆ کردووە بریتییە لە (پێکهاتەیەك کە لە مەعریفەت و بیر و باوەر و هونەر و ڕەوشت و یاسا و دابونەریت پێکدێت، کە ئەمانە هەمووی مرۆڤ وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگا وەری دەگرێت (علیمات، 1999: 196).

شایەنی باسە لە ئەم گۆشەنیگاوە دەتوانین ئەوە بڵێین، کە ڕۆشنبیریەت پێکهاتەیەکی مەعریفی گشتییە، کە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە قەبولکردنی ئەوی تر بگێڕێت ئەمە بە ڕێگای ئەو بابەتانەوەیە، کە ئەدەب و هونەر پێی هەڵدەستن و بەڕێگای ئەوانەوە ڕەوشتی مرۆڤ ئارامدەبێتەوە و مرۆڤ بۆ ماوەبەشی مرۆڤایەتی بەرفراواندەکاتەوە، دەگونجێت تێکستی شیعری لە هەموو دەریا و زەریادا دەرباز ببێت و هەر وەرگرێك چ لە ڕۆژهەلات، یان ڕۆژئاوابێت، لە کاتی خوێندنەوەیدا هەناسەیەکی دەروونی وەرگرێت و ئەو هەستەی لای دروست بێت، کە خەمەکانی مرۆڤ یەکن، هەروەها خەون و مەرگەسان و مەینەتییەکانی مرۆڤ هەموویان لە یەکدەچن و هەموویان تێدا بەشدارن.

لەم بابەتەدا باس لە ئەو شیعرانە دەکەین، کە شاعیرەکانی توانیویانە بەڕێگای تێکستەکانیانەوە بگەنە ڕۆشنبیری ئەوانی تر، کە ئەم بابەتە یەکێکە لە بانگەوازی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری، ئەم بابەتە لە دیوانی شیعری (دلبرین هاڵو) دەبینینەوە، کە لە ژێر ناونیشانی (بێهنا ئاخێ)یە، کە دەڵێت:

**"دوهی ل خوە دگەرام**
**ئەڤرۆ تو هندایێ**
**نزانم**
**ئەز د هەبوونا خوەدا**
**نەبوومە ..**

**یان تو د چاڤێ ڕۆژێدا**
**هاتی چاڤدان**
**نزانم**
**وە دیارە**
**گرێژینا تە بوو گونەهـ ..!؟"** (هالو، 2014: 15)

لە ئەم شیعرەدا گەلێك ئاخاوتن سەبارەت ئەوی تر هاتووە و پەیوەندی بە (ئەز)ەوە، هەیە، ئەوەش پەیوەندیی بە هزرەوە هەیە و ئەو بەشدارییەی، کە مرۆڤ تێدا ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام ئەم جوداکارییە لە ناو ئەم شیعرەدا نەبۆتە ئەگەری دوژمنایەتی و دژایەتی یەکتر، لێرەدا شاعیر دەیەوێت باس لە ئەو پەیوەندییە بکات کە کورد لە گەڵ عەرەب هەیەتی، هەروەها لە گەڵ تورك و فارسدا، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا ئەمە وەك دوژمنایەتی و لە هەندێکی تردا وەك دۆستایەتی دەردەکەوێت بە تایبەتی کە باس لە دەراوسێتی و بازرگانی دەکرێت، سەرەرای ئەمە شارەزایی شاعیر لە فەرهەنگ و شوناسی فارس و تورك و عەرەب دەخاتە ڕوو.

**2-4- خۆناساندن بە وەرگری جیهانی**

یەکێك لە بابەتەکانی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێی کردووە، بەزاندنی سنورەکانە، مەبەست ئەوەیە، کە شاعیر یان نووسەر هەوڵدەدات بەرهەمەکانی نەتەوەیی و لۆکالی بە وەرگری جیهانی بناسێنێت و ئەمە بە ڕێگای ئەو بابەتانەی، کە باسی لێوەدەکات. زیاتر بابەتەکان ناسنامە و کەلتوور و داب و نەریتی میللەتەکەی خۆیەتی و دەیخاتە پێش دەستی وەرگر.

شاعیرانی ئەم قۆناغە دەربارەی بەزاندنی سنوور کەمتەرخەمیان نەکردووە، ئەمەش بە ڕێگای تێکستی شیعرەکانیانەوەیە، کە تێیدا باسیان لە چەندین بابەت کردووە و بە ڕێگایانەوە خۆیان بە وەرگرانیان ناساندووە، هەروەك لە شیعری شاعر (خالد عەلی سلێڤانەیی)دا، کە لە ژێر ناونیشانی (لێگەریانەك ل سەر چەنگێن شەڤەکێ) کاتێك دەڵێت:

**"چاخێ دووکێل دکۆیت**
**لهنداف کەلەخێ تەلاشان**
**ئاگر ب سەما دکەڤت**
**لسەر تبلێن گۆرێ..**
**ئەز ێ ل تە دگەرم و ..**
**زڤستان یا دقرچیت ژ خوینچوونێ**
**لسەر ستویێ بیاڤێن پەرسیڤێ دە**
**ڕێك و ئاگردان و پێن نوو دزێن.."** (سلێڤانەیی،(2010)،223)

لە ئەم پارچە شیعرەدا (سلێڤانەیی) دەیەوێت بە وەرگری جیهانی بڵێت، کە ئێمە خاوەن دابونەرێت و کەلتووریین و ئێوە بە ڕێگای کلتوورەکەمانەوە دەتوانن ئێمە بناسن و شارەزایی لە ئەو ڕۆژگارانە پەیدابکەن. کە چۆن بە سەرمان بردوون.

**2-5- دوانەیی ڕۆشنبیری**

ئەم زاراوەیە لە کتێبی (بارك) وەرگیراوە، کە ناوێکە بۆ ئەو کەسانەی کە دوانەیی ڕۆشنبیریان هەیە، واتە ئەو کەسەیە، کە لە دوو کەلتووردا دەژیت ( Brechi, 2000: 233)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێمە دەبێت پیشبینیەکی بەرهەمدار لە ئەم جیهانگەرایە ڕۆشنبیرییە بکەین و ئەو کەسانەی، کە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی کۆن و لە کاتی کۆچکردنیاندا هەست بەوە بکەن، کە وەك (هاولاتی جیهانی) خۆیان بناسنەوە و بە شێوەیەکی ئەوتو هەست بەوە بکەن ئەم جیهانە هاتۆتە ناو ناویانەوە (بە شێوەیەکی گشتی دووانەیی ڕۆشنبیری بە دۆزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژمارە دەکرێت وەك داگیرکردنێك وایە، نەك لە سەر ئاستی تاکەکەسی، بەڵکو دەوڵەتەکانیش دەگرێتەوە) (Appradari).

دووانەیی ڕۆشنبیری ئەوە دیاردەکات، کە پەیوەندی لە نێوان دەستەڵات و ڕۆشنبیری هەیە و ئەم پەیوەندییە زیاتر بە مەترسییەوە بەستراوەتەوە، چونکە ڕۆشنبیری پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی نییە، بە شێوەیەکە کە دژایەتی لە گەڵ دەستەڵات دروست دەکات، لێرەدا لایەنێك دەبێتە دەستەڵات و لایەنەکی تر ڕۆشنبیریە و دەستەڵات هەوڵی ئەوە دەدات ڕۆڵی ڕۆشنبیری لە ناو ببات و نەیهێڵێت، چونکە ڕۆشنبیری مەرجەعییەتێکە لە گەشەکردنی ئاگایی کۆمەڵگا بەشداری دەکات، هەروەها ڕۆلیش لە سەردەمەکانی مێژوودا دیاردەکات، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیری بریتیە لە کۆی هەموو جموجوولی بیری و جەڤەنگی و ئەم بەم کارە هەڵدەستێت.

شایەنی سەرنجە لە دیاردەکانی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری نەمانی زۆرێك لە قوتابخانە ئەدەبییەکانە وەك ئاماژەیەك بۆ نەمانی سیستەمی دەستەڵاتی کلاسی و سڕاندنەوەی بە دوورکەوتنی بیری و شکاندنی سەنتەر و مەرکەزیەتی بیری، بەڵگە لە سەر ئەمە مردنی بونیادگەری بوو.

گومانی لە ئەوەدا نییە زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناغە ئەوانەبوون، کە فرە قوتابخانەیی ئەدەبیان هەڵبژارد و زۆربەیان لە سەر گوتاری مەرکەزی یاخیبوونی خۆیان نیشاندا، ئەمە لە ناو تێکستەکانیاندا بەرجەستە کرد و بەدوای جیهانی تردا دەگەران، کە جەختیان لە سەر فرەبابەتی مرۆڤایەتییان دەکرد.

**2-6- کێشەی ناسنامەی نیشتیمانی و ناسنامەی بیانی**

بابەتی ناسنامە یەکێکە لەو ئەو بابەتە گرنگانەی کە نووسەران و رەخنەگران هەتا ئەمڕۆ خویانیان پێوە سەرقاڵ کردووە، کارێکی ئاسان نییە کە ئێمە لە سەر ئەم کێشەیە هەڵوەستە بکەین، بە تایبەتی لە سەر کێشەی ناسنامەی نیشتیمانی و بیانی لە ناو تێکستە شیعرەکانی ئەو شاعیرانەی، کە ئێمە هەڵمانبژاردوون، ئەمە بە پێی ئەوەی باس لە هەندێك تایبەتمەندی و رەنگدانەوەی ئەم کێشەیە لە ناو ئەدەبیاتدا نەکەین.

یەکێك لە ئەو بابەتانەی کە رەفتاری لە گەڵ دەکرێت، بابەتی کێشەی ناسنامەی نیشتیمانی و بیانییە، چونکە ئەمە بۆتە قەیرانی سەردەم، ئەمە بە هۆکاری شەڕ و سیاسەت و ئابووریەوەیە. لە ئەم ساڵانەی دواییەدا ئاڵۆزی لە ناو بابەتی ناسنامەدا دروست بووە، ئەمە بە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییەوە بووە، کە لە ناو کۆمەڵگادا دروست بووە، ئەم گۆڕانکارییە زۆربەی وڵاتانی گۆتۆتەوە و تێدا نەمانی بهاکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان پەیڕەوکراوە، لە بەر ئەمە رەهەندەکانی نیشتیمانی و رۆشنبیری و ئایینی گۆڕانکاری بە سەریاندا هاتووە.

لە بەر ئەم ئەگەرە دەبینین ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان مرۆڤ و وڵات هەبووە بۆتە بابەتێکی یادەوەری، هەروەها زۆری ئاوارەبوون و راگواستنەوە و دووری کەسەکانی خۆشەویست لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، دیسانەوە بوون بە هۆکار بۆ سستی ئەم پەیوەندییە، بۆیە ناسنامەی نیشتیمانی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بزربووە و لە ناو هزر و بیری ئەودا بەرەو ئەوە دەچن، کە لاواز بن.

ناسنامە وەکو (محمد عمارة) دەڵێت: "ناسنامە وەکو مۆری پەنجەی مرۆڤە کە بە هۆیەوە دەتوانین جوداکاری لە نێوان مرۆڤەکان بدۆزینەوە و پێکهێنەری کەسایەتی ئەوە و سیمایەکی جێگیرە و مەرجێکی سەرەکییە بۆ هەر تاکەکەسێك و کە کارتێکردنی لە سەر کۆمەڵدا هەیە و سیمایەکی تایبەتی داوەتی و ئینتیمای بۆ کۆمەڵەکە دەستنیشان دەکات".(عبدالخالق,1999, 196).

لە سەر ئەم بابەتە شاعیر (فەرهاد حاجی) لە شیعرێکدا و لە ژێر ناونیشانی (روبن هود)دا، کە دووانەیەکی ناسنامەی پێوەدیارە، کە دوو ناسنامەی تێکەڵ کردووە (نیشتیمانی و بیانی)، ئەمە لە دوتۆیی یەك دەقی ئەدەبیدا بەرجەستەدەکات، کاتێك دەڵێت:

**"روبن هود**
**چیایە**
**وچیا زەلامەك رۆژهەلاییە**
**مەستە**
**دزان چێ دکەت**
**وپاشی رسوا دکت**
**روبن هود**
**حەشاشەکێ بەخدادییە**
**پلنگەکێ شاشێ ملحدە**
**ودێ شاش بتەڤە**
**بکەڤنە دزێن شیرۆدی**
**دێ توتنهاما تالانکری**
**دزت ڤە"** (حاجی، 2011: 137)

لە ئەم پارچە شیعرەدا (حاجی) ئەو پرسیارە دەورژێنێت، کە ئایا ئەو جوامێری و ئازایەتییەی، کە لە ناو کورددا چی لێهاتووە؟ بۆ بزربووە؟ لە گەڵ ئەمەشدا زۆرێکی تری بابەت لە گەڵیدا دیسانەوە بزربوون، و نازانێت، ئایا دەگەڕێتەوە؟ لە گەڵ ئەمەشدا شاعیر بێئومێد نابێت لە ئەوەی، کە ئەم ناسنامەیە بۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە ناو نەوەی نوێی و وەکو روبارێك رووبەری نیشتیمان و ناسنامەکەی پاراو دەکات. ئەم بۆچوونەی شاعیر ئەوە دەگەیەنێت، کە شاعیر هەمیشە دەیەوێت لە گەڵ کۆمەڵگادا بێت و بۆ ئەوان بژیت.

**7-2- تێکەڵبوونی رۆشنبیری ناوچەیی و رۆشنبیری جیهانی**

ژیان چنینێکی جوان و رازاوەیە و فرە رۆشنبیری و شارستانیەتی مرۆڤایەتییە، وەك دەزانین بەرهەمی ئەدەبی دەبێتە وێنەیەك و تێدا رەنگدەداتەوە. لە بەر ئەمە شاعیر هەیە، کە هەڵگری عەقڵییەتێکی قوڵە و ئەم راستییانە هەمیێزی بەرهەمەکەی دەکات، هەروەها ئەمە کاردانەوەی لە سەریان هەبێت و بیر لەوە بکەنەوە، کە تیشك بخەنە سەر شەنگستەکانی رۆشنبیری لۆکالی و ئەمە بۆ وەرگر روون بکەنەوە، تاوەکو هەڵوەستە لە سەر ئەو رۆشنبیریە لۆکالییە بکەن و مێژوو و کەلتوور و دابونەریتیان بپارێزن و بیزانن.

شایەنی سەرنجە ئەمە لە شیعرێکی شاعر (سەلام باڵایی) دەبینین، کە لە ژێر ناونیشانی (گوندیمە ئەز) دەردەکەوێت، کە شاعیر وێنەی گوندەکەی بەرجەستە دەکات، کە لە ناویدا جوانترین و پڕبەهاترین وێنەی رێزگرتنی تێدایە و لە دەستەواژەکانی (فێری ژیانێ بوومە، ژ جادێ فێم نەکر، د سەردا چوونێ ... هتد) دەردەکەوێت و دەڵێت:

**"ل کولانێن گوندی**
**فێری ژیانێ بوومە..**
**ل جادێن باژێری چ دکەم**

**من چ ژ جادێ ڤێم نەکر**
**هورێنێن ترمبێلان**
**بێ هوش کرن**
**بێلانێن بێی ئەندازە**
**ڤێرێ ژێبرکرن و د سەردا چوونێ بوینە..**
**د چوونا ئاڤارۆیدا**
**هەردەم سیتافکا من دگەلمندا بوو!"** (باڵایی، 2020: 150)

**8-2–گورینی چەمکی (شوێن /کات)**

مەبەست لێرەدا پێکەوەگرێدانی (شوێن/کات)ە ،و نەهێشتنی بوار لە نێوان وەڵاتانی جیهان لە هەموو روویەکەوە ،یا خۆد توانەوەی شوێن و کاتی ناوچەیی لە گەڵ شوێنەکانی جیهانیدا،بەرەگێیک کە ئاماژە بیت بو بچوکردنەوەی جیهانی بکات،یا خۆد بویەرکی دیارکراو ،لێرەدا کار لە هەموو جیهاندا بکات و بە پێچەوانەوە،هەر وەکو ئەم دیاردەیە لەم شیعرەدا بە ناونیشانی (دوو هەلبەست) ،کە شیعرەکەی (موحسن قوچان)ە ،کە لەناو ئەم دەقەدا کات و شوێن و کەسایەتی تێکەلی بە جیهان دەبن ،کە ئەمەش گواستنەوەی چەند دیاردەیەکی ناوچەیی یا خود مللی بە هەموو جیهانەوە ،کاتێک دەڵێت:

**"ئەز ئەزم**
**ئەزێ لاوم و**
**لاوینی ل مرۆڤایەتیێ بەلاڤدکەم**
**تاووسم ئەز**
**رۆژێ رەنگێن ژمن دزین**
**ئەز کوردم و**
**ما وەکو مە جوامێر هەنە؟ " (قوچان،2019،215).**

لەم شیعرەدا توانەوەی کەسایەتی کورد بە جیهان دەناسێنێتەوە و تێکەل بە بنەماکانی مرۆڤایەتی دەکات وەك مرۆڤایەتی و لێبوردن و بەرگریکرن لە ماڤەکانی مرۆڤ و ئازادی جیهانی کە ئەویش ئەو کاتەی کە پێشمەرگە بەرگری دەگرد لە پێش هەموو جیهانەوە لە دژی تیروستەکانی (داعش)و کات و شوێنی جیهان لە هەموو لە ئێك دەم و شوێندا توانەوە کە ئەویش ناوچەکانی کوردستان بوو کە (داعش)ویستویەتی ئەم خاکە پیرۆزە داگیر بکات ،بەڵام خەلکی کوردستان بە هەموو تەخ و چینەکانەوە بە تایبەت هێزی پیرۆزی پێشمەرگە نوێنەراتیی هەموو گەلە ئازادەکانی جیهانی شەری ئەم ریکخراوە تێروستیەکی کردووە.

**9-2–زمانی کومپیوتەر و ئەنتەرنێتێ**

هەندێك لە دەقە نوێخازیەکان هەنە کە تێدا شاعیران زمانی ئالەت بەکاردێنن(**Machine Language**)،یا خود بەکارهێنانی ووشە و زاراوەکانی کومپیوتەر و ئەنتەرنێت لە دەقی شیعریدا وەکو (ئیمەیڵ،باسۆرد،سوشیال میدیا،دانلۆد،ڤایرۆس،..هتاد)یا خۆد هێماکانی کومپیوتەروەکو (**@،#،&،...هتاد**).

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە شاعیر لە جیاتی ووشە و زاراوەی ئەدەبی ،زاراوەی دیجیتاڵی بەکاردەهێنێت ،کە ئەم زاراوانە هەموو وێنەی بینین بو وەرگر لە جیاتی نووسینی ووشەکە هەمووی ،هەروەها ئەم زاراوانە هەر یەکەیان واتایی خویان هەیە .وەدەربرین و گوزارست لە سەردەمی تێگەهیشتنی ئێستا دەکات کە زور نێزیکە لە وەرگری ئەمرۆ و هەروەها هەموو وەرگری جیهانی تێدا بەشدارە.شاعیرانی قوناغەکە لە جیتای شعری دیجیتاڵی ووشە و زاراوەی کومپیوتەر و ئەنتەرنێتیان بەکارهێناوە بە شێوەیەکی زەق و ئاشکرا لە دەقە شیعرەکانیان بەجەستە دەبێت ،هەروەکو لە دەقی شعری بەناونیشانی(پەشێمانی)هی شاعیر(عبدالرحمن بامەرنی)کە بەم شێوەیە دەڵێت:

**"دزانینگەهاعەشقێ دا**
**وانا ژ هەمیان درێژ تر**
**ڤیسین بوو**
**ب ئێك کلیك**
**لبەر شاشا کومپیوتەری**
**نیڤا ژێێ من بێ بوری**
**ب هەروە دچوو**
**نیڤا دژی ب پەشیمان"(بامەرنی،2010،83)**

لەم شیعرەدا هەندێك زاراوای ئەنتەرنێت بەکارهاتووە کە دەربرین لە هێمایەك دەکات و واتاکەی ئەدەبی هەیە،وەك ووشەی(کلیك ،شاشا کومقیوتەری)کە ئەم زاراوانە لە کومپیوتەر وەرگرتووە و کە ئاماژەینە بە بەرجەستەبوونی لایەنی ماددی و مەعنەوی لەناو شعردا ،کە شاعیر لێرەدا لەسەر وانەکانی خوشەویستی قسەدەکات،کە ئێستا هەندێك کەس هەن بە یەك (کلیك)لە سەر شاشەی کومپیوتەر هەموو رۆژگارە خوشەکان لادەبەن ،لەبەر ئەمە شاعر ئاماژە بە پەشێمانی دەدات کە هەموو بە فێرو چووە،لە گەڵ کەسێك کە رێز لەو شتانە ناگرێت.

هەروەها لە ناو شعری بەناونیشانی(3-2-1-0)دا ،شاعری گەنج(ڤەهیل محسن) ،ئاماژە بە چەند رستە و دەستەواژە دەکات کە پەیوەندی بە کومپیوتەر و ئەنتەرنێتەوە هەیە وەك (3-2-1-0،کامیرە،تیك تاك-تیك تاك،دەمژمێرەکا ئەلکترونی ...)،ئەمە ئەوە دەگەینێت ،کە پەیاما شاعیران لەسەر هەر بابەتێك بێت هەوڵ دەدەن کە ئارستەکان و ئامرازەکانی نوێ بەکاربێنن بو گەیاندنی پەیامەکانیان ، هەروەکو شاعر دەڵێت :

**"کامیرە دلێتکا بێدەنگییێ وێنە دکەت**

**مژ پەنجێن خوَ ل دلوَتکێ ددەت و درەڤینیت**

**....**

**ژنشکەکێ ڤە**

**دەنگەك ژ بن ئاخا سترانەکێ دهێت:**

**"تیك تاك - تیك تاك "**

**چاڤکێ کامیرێ دکەڤیتە دەمژمێرەکا ئەلکترونی :**

**"3....2....1....0) " (محسن،2013،166).**

**ئەنجام**

لە ئەم لێکۆڵینەوەدا، لێکۆڵەر بە چەند ئامانجێك گەیشتووە، کە هەندێکیان بە لایەنی تیۆری و هەندێکی تر بە پراکتیك بەستراوە، پۆختەی ئامانجەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕۆوو:

1 – دیاردەی جیهانگەرایی،دیاردەیەکە توانیویەتی بچێتە ناو جەرگەی بوارەکانی ژیانی هاوچەرخەوە لە رووبی هـزری و روشـنبیری و زانسـتی و ئـابووری و هـزری.لە سەردەمی ئێستادا بۆتە زانستێك بە تایەتی لە گورەپانی جیهانیدا و ژمارەیەکی زۆری بیرمەند و تـوێژەر لە هەمـوو بـوارەکانی ژیانـدا باسـیان لێـدەکرد وەك دەزگـاکانی راگەیاندنی،کومەڵناسی ،رامیاریکار،روشنبیری،هتد.

2-جیهانگەرایی واتایی ئەوە دەگەینێت ،کە گەردوون وەك یەکەك تەماشای بکرێت،کە بەیەکەوە گرێدراون ،هەروەها نزیکبوونەوە لە نێوان رۆشـنبیران و شارستانیەکان و بەیەکیان دەگەینێت و وەرگرتنی شتەکان بە بەرگێکی نویوە.دەربارەی چەمکی جیهانگەرایی.

3- جیهانگەرایی روشنبیری ،مەبەست ئەو بەها سەرەکیانەیە ،کە لەناو کومەلگادا دیارکراوە ،کە مەبەست تێرکردنی هەموو پێویستیەکانی تاکەکەسانە بە رێگای عەقل و ئیدراك بە سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی تەکنەلوژیایی هاوچەرخ کە مەودایەکی باش بۆ ئەمە رەخساندوو

4- جیهانگەرایی رۆشنبیری بە واتا گشـتییەکەی چەمکێکی ئـاڵۆزە و ناتوانرێـت پێناسـەیەکی دیار و سـنووورداری بـۆ داڕێـژین، بەڵام لە بنجدا لە لایەنی ناوەرۆکەوە دیاردەیەکی بەردەوامە لە هەموو کەرەستە و پێکهاتە و گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیا و سیاسی و ئابووری پێك هاتووە.

5-پێناسەی جیهانگەرایی رۆشنبیری لە بواری شیعردا و بە پێی هونەرەکانی ئەدەب، واتای ئەوەیە، کە نووسینەوەی شیعرێکی نوێیە و بە خوێنـدنەوەکی نـوێ، کە لە سەردەمی پێش خۆی جودابێت و لە گەڵ جیهانی سەردەم بگونجێت و لە گەڵ گوماندا تێکەڵ بێت.

6- شیعری هاوچەرخی کوردی لە دەڤەری بادینان لە تەوژمەکانی جیهانگەرایی رۆشنبیری دوور نەبووە ، شیکردنەوەکانی ئەم تویژینەوەیە ئەوەیان سەلماند کە شاعیرانی قۆناغەکە بە وریاییەوە کاردانەوەیان بەرانبەر بنەماکانی جیهانگەرایی رۆشنبیری هەبووە کە لە سێ بنەمای (سڕینەوەی کلتووره ناوچەییەکان) و(مردنی ئایدۆلۆجییەکان) و (بەزاندنی سنوورەکان) دەستنیشانکراون و بە نموونەی پێویست ساغکراونەتەوە .

7-دوزینەوەی خود یەکێکە لە ئەو چەمکانەیە،کە خاوەن ئالیەت و راستی و بایەتیە،دەبێتە مەرجەعیەتێك،کە بارودوخی شاعیری هاوچەرخ پێك دەهێنێت ،کە ئەمەش لایێ شعیرانی قوناغەکەدا بەرجەستەبوویە،کە شاعیران لە دەوری شیعردا بە دیاردەخات،چ وەك کەسێك،کە بۆتە خـاوەن پالنەرێك ،کە شـیعر تێـدا بەرهەم بهێنێـت ،یان دەبێتە خاوەن باگراوەندێکی ئایدولۆژی ،کە بنیاتی شیعرەکانی لە چوارچێوەی هزریدا داڕێژراوە.

8- بابەتی ناسنامەی نشتیمانی و ناسنامەی بیانی،یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە شاعیرانی قوناغەکە خۆیان پێوە سـەرقاڵ کردووە ،کە شـاعیرانی قـوناغەکە تـووشی ئەو قەیرانەبووینە ،ئەم چەنـدەش بـو تە ململانێ و تێکوشـان ،کە لە ئەنجامی قەیـرانی سـیاسی و حیزبـی و ئـاینی دروسـت بـووە،کە سـەر ناسـنامەیان کردووە بە جێیـان هێشتووە.

9-تـوانەوەی شـوێن و کاتی ناوچەیی لە گەڵ شـوێنەکانی جیهانیـدا ،دیاردەیەکـی دیارکراو بـوو لە ناو هەنـدێك لە شـاعیرانی هـاوچەرخ لە ناوچەی بادینـان بە تایبەتی لە شیعرەکانی (محسن قوچان)دا،کە شوێن و کەسایەتی وکات تێکەلی بە جیهان دەبن.

**سەرچاوەکان:**

**أ-پەرتوك بە زمانی کوردی:**

**1-** قۆچان،محسن(2010)،ل بەرسفکا مە بەفر دباریت،ئێکەتیا نڤێسەرێن کورد-تایێ دهوك،دهوك.

2-عوسمان حەسەن شاکر(2011)،جیهانگیری و کاریگەری لە سەر سەروەری دەولەت،ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران،سلێمانی.

3- هالۆ،دلبرین(2014)،بهێنا ئاخێ(شعر)، ،ئێکەتیا نڤێسەرێن کورد-تایێ دهوك،دهوك.

4- وەڵەد بەگی، ئازاد (2004) بەجیهانیبوون وشوناسی نەتەوەیی، سەنتەری روناکبیری هەتاو،ژمارە 3،سلیمانی.

5-بامەرنی،عبدالرحمن،(2010)،هەناسەیێن شیعری(دیوان)،چاپخانا هاوار،ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤێسەرێن کورد-تایێ دهۆك.

**ب- پەرتوك بە زمانێ عەرەبی:**

**1**- امين,سميرو غليون,برهان ,(1999):عولمة الثقافة و ثقافة العولمة،دار الفكر المعاصر،بيروت.

**2**- راشد ,عبد المجيد, (2014): العولمة :تاريخ المصطلح و مفهومة،دراسة،القاهرة.

3- العانيد.خليل نوري مسهي: (2009)،الهوية الاسلامية في زمن العولمة،الطبعة الاولى،سلسلة الدراسات الاسلامية المعاصرة(58).

4- عبدالرحيم, اكرام ,(2002) ،التحديات المستقبلية للتكتل الاقتصاد العربي..العولمة و التكتلات الاقليمية البديلة/مكتبة مدبولي،القاهرة.

5- عبدالله,عبدالخالق,(1999)، (العولمة:جذورها و كيفية التعامل معها )،عالم الفكر،المجلد 28 ،العدد:2،القاهرة.

6- نصار ,جمال ،2015.,الهوية الثقافية وتحديات العولمة,مركز الجزيرة للدراسات، من منشورات اتحاد كتاب العرب,دمشق.

7- ياسين ,السيد, (2001)،العالمية و العولمة،نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع،القاهرة.

**پ- پەرتوك بە زمانی ئینگلیزی:**

**1-Webstirs .1991,nuth new collegiate,Dectionary,.**

**ج- پەرتوك بە زمانی فارسی:**

1-محمدی،احمد گل،(1396):جهانی شدن فرهنگ،هویت،کتابخانه ملی ایران،چاپ نهم،تهران نشر نی.

**د- گوڤار بە زمانی کوردی:**

1-قوچان،محسن،(2011)،هێژ چاڤێ من یێ ل گورەکێ،(شعر)،گوڤاری پەیڤ،ژمارە(55)،دهوك.

2-حاجی،فەرهاد،(2011)،روبن هود،(شعر)،گوڤاری پەیڤ،ژمارە (57)،دهوك.

3-محسن،ڤەهێل،(2013)،3-2-1-0،(شعر)،گوڤاری پەیڤ،ژمارە(66)،دهوك.

4-قوچان،محسن،(2019)،دوو هەلبەست،(شعر)،گوڤاری پەیڤ،ژمارە(78)،دهوك.

5-باڵایی،سەلام،(2020)،ئەنتیکە ئەڤ چامەبێژە،(شعر)،گوڤاری پەیڤ،ژمارە(81)،دهوك.

**خ-گوڤار بە زمانی عەرەبی:**

**1**-زمام، نورالدين،(2001)،عولمة الثقافة(المستحيل والممكن)،مجلة العلوم الانسانية ،العدد الاول.